# پیاوی جیهان - نوسینی ئیرنست هیمنگوای

# A Man of the World- Ernest Hemingway


### پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید کردویە بە کوردی


پیاوی جیهان (A Man of the World) یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نوسەری ئەمەریکی ئیرنست میللەر هیمنگوای" Ernest Miller Hemingway " نوسیویەتی. ئەم نوسەرە رۆژنامەنووس و چیرۆك نووس و رۆمان نووس بووە. لە 1899/7/21 لە ویلایەتی ئیلینۆیس " Illinois " لە ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1961/7/2 لە تەمەنی 62 ساڵیدا لە ویلایەتی ئیداهۆ " Idaho " بە خۆکوشتن کۆچی دوایی کردوە. ئیرنست هیمنگوای لە شەری جیهانی یەکەم وەکو شۆفێری ئەمبولانس بەشداری کردوە. لەساڵی 1954 خەلاّتی نۆبڵی لە ئەدەب پێ بەخشراوە.

پیاوی جیهان کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە پیاوێکی کوێر دەکات کە بێ ماڵ و حاڵ بووە. بەردەوام خەریکی قومارکردن بووە لە سەر ئامێرەکانی یاری قوومار لە سالۆنەکان. ئەم پیاوە هەستی بۆن کردنی باش نەبووە و حەزی نەکردووە بە ناوی ڕاستەقینەی" Blackie " ناو ببرێ بەڵکو حەزی لە نازناوی " کوێرە" بووە کە لە ئەنجامی شەڕکردن لە گەڵ یەکێك لە برادەرەکانی کۆر بووە. کوێرە نیشانەی پیاوەتی و مرۆڤێکی مەزن بووە و ئیلهامی چیرۆك نووسینی بە نووسەر بەخشیوە. ناوی چیرۆکەکە" پیاوی جیهان" ووتەیەکە لە ئەدەبی ئینگلیزی بۆ پیاوێکی مەزن و ڕەسەن و ئازا و لە خۆ بووردوو بەکار دەهێنرێت.

پیاوە کوێرەکە دەنگی هەموو ئامێرەکانی یاری کردنی قووماری دەناسی. نازانم چەند کاتی بردبوو تاوەکوو دەنگی هەموو ئامێرەکانی ناسی بوو. بەلاّم بەدڵنیاییەوە کاتێکی باشی بردووە چوونکە ئەو هەر کاتەی لە یەکێك لە مەیخانەکان کاری دەکرد. لە دوو شار کاری کردبوو هەرچەندە کاری یەکەمجاری لە سالۆنی " The Flats " باش بوو و ڕێگا تاوەکوو شاری " Jessup" تاریك بوو.

لەلایەکی ڕێگاکە وەستا و گوێ ی لە دەنگی ئوتۆمۆبیلێك بوو هات و بەلایتەکان شۆفێرەکە کوێرە دە بینی و هەڵی بگرێ و بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. ئەگەر نا ، ئەوا ناچار دەبێ یە پێ ملی ڕێگا بە ستەڵەکە بگرێتەبەر. هەڵگرتنی پەیوەستە بە بوونی شوێن لە ناو ئۆتۆموبێلەکە و چەند ئافرەتی هەڵگرتوە چونکە پیاوە کوێرەکە هەستی بۆن کردنی بە تایبەت لە زستان دا بە هێزە.

بە دڵنیاییەوە هەموو کەسێك بۆی دەوەستێت و هەڵیدەگرێت چونکە پیاوێکی کوێرە. هەموویان دەیناسن و ناویان نابوو "کوێرە" لەناوچەکەدا ئەم ناوە ناوێکی باش بوو بۆی و ئەو سالۆنەی کاری بازرگانی تێدادەکرد ناوی " The Pilot " بوو. لە نزیکیەوە سالۆنێکی تری لێبوو شوێنی خواردن وخواردنەوە و قوومار کردنی هەبوو ناوی " The Index " بوو. ناوی سالۆنەکان لە ناوی چیاکانی ناوچەکە وەرگیرابوو. سالۆنەکان باش بوون و مەیخانەکانیان شارستانیەتی کۆنیان پێوە دیار بوو. خواردنی سالۆنی " The Pilot" لەوی تر باشترە و جیرەی گۆشتەکەی " The Index " بە هەست ترە.

سالۆنی " The Index " بە درێژایی شەو کراوەیەوسەرلەبەیانیان کار دەکات و لە خۆر هەڵاتەوە تاوەکوو کاتژمێر 10 ی سەر لە بەیانی خواردنەوە پێشکەش دەکات. ئەم دوو سالۆنە تەنها سالۆن بوون لە شاری " Jessup " و نەدەبوو ئەم جۆرەکارانەیان تێدا بکرێ بەڵام دەیانکرد چوونکە ئەمە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ناوچەکەیە.

کوێرە ئارەزووی کارکردنی لە سالۆنی " The Pilot " دەکرد چونکە ئامێرەکانی یاری کردنی لەلای دیواری دەستی چەپ بوون بەرامبەر بارەکە. ئەمەش بۆکوێرە باش بوو وکۆنترۆڵی لەسەر هەبوون باشتر لە وانەی کە لە سالۆنی " The Index " هەن و پەرت و بڵاو بوون و هۆڵەکە فراوانتر بوو و گەڵێ ژووری هەبوو. ئەو شەوە بەڕاستی لە دەرەوە سارد بوو و کوێرە هاتە ژوورەوە و چلوورە بە سمێڵیدا شۆڕ بوو بوەوە و چلوورەی بچوکیش لەسەر برژانگی بەدەرکەوتبوون و ئەمەش باش نەبوو، بۆنکردنیشی نەمابوو بەڵام دوای ئەوەی دەرگای سالۆنەکەی داخست هەستی کرد. بۆمن ستەم بوو سەیری بکەم بەڵام سەیرم کرد چونکە کوێرە بەردەوام بە پێ دەڕۆیشت و من هەرگیز نەم بینیبوو ئاوا سەرما بیبەستێت. لە کۆتاییدا پرسیارم لێکردوو ووتم:

"کوێرە لە کوێوە هاتووی؟"

بە ئۆتۆمۆبیلی ویللی سەویەر هاتم و لە ژێر پردی شەمەندەفەرەکە دای بەزاندم و ئۆتۆمۆبیلی تر نەبوو ، ناچار بووم لە وێوە بە پێ بێم.

" بۆچی وا دوور دای بەزاندی؟" یەکێك پرسی..

ووتی" چوونکە بۆنێکی زۆر ناخۆشم لێ دەهات"

لەم کاتەدا یەکێك ئامێری قوومارەکەی خولاندەوە ، کوێرە گوێی لە دەنگەکەی گرت . هیچی دەست نەکەوت.

کوێرە لێ ی پرسی " کێیە یاری دەکات؟"

" نای بیستیت؟"

"نەخێر"

" کەس نیە. چوارشەممەیە"

" دەزانم چییە. پێم مەڵێ ئەمشەو چییە"

کوێرە ڕۆیشتە خوارەوەو هەموو ئامێری یارییەکانی بەسەر کردەوە بزانێ شتێك لە یەکێك لە پەرداخەکان دا بە هەڵە مابێ ، ئاسایی بوو کە هیچ شتێك بەجێ نەمابێ و ئەمەش یەکەم بەشی ئارەزووەکەی بوو. گەڕایەوە بارەکە بۆلای من و " Al Chaney " داوای لێ کرد بخواتەوە. کوێرە ووتی "نا ، ناخۆمەوە، دەبێ هۆشیار بم لەم ڕێگایانە". یەکێك لەو لاوە ووتی " مەبەستت چییە لە ڕێگایانە؟" . تۆ تەنها بە ڕێگایەك دا دەڕۆی لە نێوان ئێرەو " The Flats ". کوێرە ووتی من بە گەڵێ ڕێگادا ڕۆیشتووم و هەموو جارێك ڕێگا دەگۆڕم.

یەکێك لەو لاوە مستەکۆڵەیەکی بە ئامێری یارییەکەدا دا وەکو جۆرێك لە ناڕەزایی ، مستەکۆڵەکە بە هێز نەبوو. کوێرە لە شوێنی خۆی هەڵبەزییەوە. چارەکی ئامێر بوو. ئەو برادەرە گەنجەی یاری دەکرد چارەگێك ( 25 سنت) ی دایە. کوێرە هەستی پێ کرد پێش ئەوەی بیخاتە گیرفانی.

ووتی " سوپاس". " تۆ هەرگیز لە یادت ناچێت".

برادەرە گەنجەکە ووتی " خوشحاڵم بە زانینم" و چارەگەکەی بردەوە ناو ئامێرەکە و جارێکی تر ڕای کێشایەوە.
جارێکی تر پێیکا و زۆر باش بوو. چارەگێکی خستەوە ناو ئامێرەکە و چارەگێکی تری دا بە کوێرە.
کوێرە ووتی " سوپاس"، " تۆ زۆر باشیت".
برادەرە گەنجەکەی یاری دەکرد ووتی " ئەمشەو شەوی منە".
کوێرە ووتی " شەوی تۆ ، شەوی منە" و برادەرە گەنجەکە بەردەوام بوو لە سەر یاری کردن بەلاَم یارییەکەی باش نەبوو و کوێرە بە وورەیەکی بەرزەوە لە تەنیشتی وەستابوو ، زۆر ترسناك بوو و لەکۆتاییدا برادەرەکە وازی لە یاری کردن هێنا و هاتە لای بارەکە. کوێرە دەی توانی دوای بکەوێ بەلاَم هەستی پێ نەکرد چونکە برادەرەکە هیچی نەگووت، کوێرە دەستی بە ئامێرەکاندا هێناو دانیشت چاوەڕێی یەکێکی تری دەکرد بێت یاری بکات.
کەسی لێ نەبوو یاری بکات و کەسیس یاری قووماری نەدەکرد، قوومارچییەکان دانیشتبوون سەرزەنشتی یەکتریان دەکرد و یەخەی یەکتریان دادەدڕی. ئێوارەیەکی خامۆش لەم هەفتەیەدا و هیچ جۆش و خرۆشی نەبوو. شوێنەکە پێنج سەنتی نەدەهێنا، جگە لە بارەکە، زۆر خۆش و جوان بوو تا ئەو کاتەی کوێرە هات. هەموویان بیریان دەکردەوە بڕۆن بۆ " The Index " یان بڕۆن بۆ ماڵەوە.
" تۆم، تۆ چی دەکەی؟" فرانك ، مەی فرۆشەکە پرسیاری لێکرد. " دەڕۆم بۆ ماڵەوە"
" دەم ویست پاڵ بنێم".
" ئەم پێکە بگرە".
فرانك پرسیاری لە برادەرە گەنجەکە کرد، جلی ئاسایی لە بەر بوو ، جلی ئەستووری ئۆریگۆنی" heavy Oregon Cities" لە بەر کردبوو و شەبقەیەکی ڕەشی لە سەر نابوو، ڕیشی جوان تاشیبوو ، دەم و چاوی بەفر سووتاندبووی.
" تۆ چی دەخۆیتەوە؟ برادەرە گەنجەکە هەمان خواردنەوە دەخواتەوە"
ویسکی " Old Forester ".
تەماشام کردو پێکەکەم بۆی بەرز کردەوە و هەردووکمان نۆشمان کرد.
کوێرە لەو سەری ئامێرەکان بوو. وابزانم هەستی کردبوو ئەگەر بێتە لای دەرگاکە ، ئەوا کەس نایەت. خۆشی هەستی پێدەکرد. برادەرە گەنجەکە پرسیاری لێکردم
" ئەم پیاوە چۆن چاوەکانی لە دەست داوە؟"
ووتم " نازانم". فرانك ووتی " لە شەڕدا".
پیاوە نەناسراوەکە ووتی " لەشەڕدا؟؟" سەری پێکابوو.
فرانك ووتی "بەڵێ".
تۆم ، پێ ی بڵێ " ئەم دەنگە بەرز و گڕەی لە هەمان شەڕدا پەیدابووە". " هەرگیز نەم بیستووە"
فرانك ووتی " نەخێر، وابزانم تۆ نەت بیستووە". ڕاستە نەم بیستووە. تۆ ، لەوێ نەبویت، بەڕێز، ئەو شەوە شەوێکی سارد بوو وەکوو ئەمشەو. لەوانەیە ساردتر بووبێ. شەڕێکی خێرابوو. سەرەتاکەم نەبینی. لەناو دەرگاکەی

" The Index " شەڕەکە قەوما. ناوی " Blackie" یە و ئێستا پێی دەڵێن کوێرەی ، کوڕەکەی تریش " Willie Sawyer " بوو لە یەکتریان دەدا بە شەق و بە ئەژنۆ ، چاوەکانی " Blackie" م بینی لە ئەنجامی لێدان هاتنە دەرەوە . لەسەر سەهۆڵی ڕێگاکە شەڕیان دەکرد. بەفر لەم لاو ئەولای ڕێگا کەڵەکەی کردبوو لایتی ناو دەرگاو سالۆنی " The Index " ڕووناکی کربوەوە . " Hollis Sands " لەپشت ویلی سەویەر وەستابوو ئەوکاتەی چاوی هەڵ دەکۆڵی و هۆڵی ساندس هاواری دەکرد " قەپاڵی لێ دەگرێ ، قەپاڵی لێ دەگرێ" هەر وەکوو بۆڵووی ترێ بێت.

بلاکی بۆکسی بە هێزی لە دەم و چاوی ویلی سەویەر دەداو دەی هەژاند، بۆکس لە دوای بۆکس و کەوتنە سەر سەهۆڵەکە و ویلی سەویەر قەپاڵی لێ دەگرت بۆ ئەوەی بەری بدات و وازی لێبهێنێ و بلاکی هاوارێکی لێ هەستا هەرگیز نەبیستراوە. زۆر خراپتر لەوەی بەرازێکی نێر سەربڕی.

کوێرە بەرەو ڕوویان هات ، بۆنمان کرد، گەڕایەوە. قەپاڵی لێ دەگرت هەروەکوو هێشووی ترێ بێت، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد و سەری بەرز و نزم دەکرد." ئەمە چاوی چەپیەتی، ئەوی تریشم بینی" سوڕاندمیەوە بەبێ ئەوەی بیبینم. "ئەوەش بەشە خراپەکەی بوو، خۆی شێواندبوو".

دەتوانم باشتر شەڕ بکەم ، بەلاّم چاوی دەرهێنام، پێش ئەوەی بزانم چی ڕوویدا. بە هەڵکەنەرێك چاومی دەرکرد..

کوێرە بە بێ ڕق و ڤینە ئەمەی گووت. " ئەمەش کۆتایی ڕۆژی شەڕەکەم بوو".

بە فڕانکم گووت" پێکێك بدەن بە بلاکی"

ناوی کوێرە ، تۆم ، شایستەی بووم، بینیت ، شایستەم. ئەوە هەر ئەو برادەرەیە کە ئەمشەو بە ڕێگاکەدا پاڵی پێوەنام. برادەر لە چاو بدات ، هەرگیز نابێ بە برادەر.

پیاوە نەناسراوەکە ووتی " تۆ چیت لێکرد؟" . کوێرە ووتی " هەرچی کاتێك بینیت دەی ناسییەوە. وەکو سورپرایز ، وای لێدەکەم بێت بۆ ئێرە". بە نەناسراوەکەم گووت " تۆ ناتەوێ بیبینی؟"

کوێرە ووتی" ئەوە یەکێك لە هۆکارەکانە، هەندێ جار دەمەوێ بیبینم". دەمەوێ باش سەیری بکەم.

فرانك پێی گووت " دەزانی شێوەی چۆنە، تۆ جارێك چوویت دەستت لەسەر دەم و چاوی دانا. کوێرە زۆر بە دڵخۆشییەوە گووتی ئەمشەو دووبارەی بکەوە. " لە بەر ئەم هۆیە بوو منی لە ئۆتۆمۆبیلەکە فڕێ دایە خوارەوە. هیچ هەستێکی خۆشی نییە".

لە شەوێکی سارد دا پێم گووت، خۆت باش بپێچەوە تاوەکو سەرمات نەبێ. تەنانەت هەستی نەکرد کە ئەمە تەنها گاڵتەیە و ویلی سەویەر هەرگیز نابێ بە "پیاوی جیهان".

فڕانك گووتی " بلاکی ، تۆ کەست لە ماڵەوە هەیە". " من ناتوانم بت گەیەنم، چونکە من لە کۆتایی ئەم شەقامە دەژیم". بەلاّم تۆ دەتوانی لە پشت ئەم جێگایە بخەوی. فڕانك لەوانەیە ئەمە باش بێت بۆ تۆ.

تکایە چیتر پێم مەڵێ " Blackie " من چیتر بلاکی نیم، ناوم "کوێرە "یە.

"کوێرە، پێکێك هەڵدە". کوێرە ووتی " بەڵێ، گەورەم".

دەستی گەیشتە پەرداخەکە و بۆ هەرسێکمانی بەرز کردەوە. ووتی ئەمە "وێلی سەویەرە" لە وانەیە بە تەنیا لە ماڵەوە بێت.

ئەم وێڵی سەویەرە جارێکی تر هەرگیز نازانێ چۆن خوش گوزەران دەبێت...